کەشناسی هەرێم ڕەوشی کەشوهەوای ڕۆژانی جێژنی بڵاوکردەوە



بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم رایگەیاند، لە ڕۆژی یەکشەممەوە شەپۆلێکی نمەباران و هەورە تریشقەی پچڕ پچڕ ڕو لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێم دەکات و تا دوا نیوەڕۆی ڕۆژی دوشەممە بەردەوام دەبێت. دەشڵێت، "پێشبینی دەکرێ لە ناوچە شاخاویەکانی دهۆک و هەولێر و بەشێک لە ناوچەکانی گەرمیان ڕێژەیەکی زیاتر بارانی لێ ببارێت".

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، پێشبینی دەکرێ ڕۆژی یەکشەممە ئاسمانی هەرێم نیمچە هەور بۆ هەوری تەواوبێت، لەگەڵ هاتنی شەپۆلێکی نمەباران و هەورە تریشقەی پچڕ پچڕ لە کاتەکانی دوای نیوەڕۆدا بە سەر زۆربەی ناوچەکانی هەرێم.

ئاماژەی بەوەشکرد، رۆژی دوشەممەش نمەبارانی پچڕ پچڕ و هەورە بروسکە بەردەوام دەبێت، بەتایبەت لە ناوچە شاخاویەکان و ناوچەکانی گەرمیان و ڕۆژهەڵاتی هەرێم، لە دوای نیوەڕۆوە شەپۆلەکە کۆتایی دێت و پلەکانی گەرما (3 بۆ 5) پلەی سیلیزی نزم دەبێتەوە بەراورد بە پلەکانی گەرمی ئەمڕۆ.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم، پێشبینی دەکرێ لە ناوچە شاخاویەکانی دهۆک و هەولێر و بەشێک لە ناوچەکانی گەرمیان ڕێژەیەکی زیاتر بارانی لێ ببارێت.